www.kurdistannet.org
4-11-2003 23:23

خاوەن فایلەکان پرسێک بۆ هەموو گەلی کورد ...ئەحمەد ئەسکەندەری

ئەم رۆژانە باسی ئەوانەی فایلەکانیان لای رژێمی ڕووخاوی بەعس ئاشکرا بووە جێگایەکی زۆری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردیدا پرکردووەتەوە. بیرکردنەوە لەوەی کە کەسانێک – لەوانەی وا قەرارابوو کوردستان رزگاربکەن – هاوکاری درندەترین رژیمی دژ بە کوردو دژ بە مرۆڤایەتییان کردبێت، دڵی هەر مرۆڤێک دێنێتەئێش. هەموو کوردێکی ئازادیخواز و دڵسۆز بەدوارۆژی کوردستانێکی ئازاد لەسایەی ئازادیو یەکسانی و مافی مرۆڤدا خوازیاری ئەوەیە بزانێ ئەم دیاردەیە چەندە پەرەگربووە و تا چ ڕادەیەک زیانی گەیاندووە بە بزووتنەوەی رزگاریبەخشی کوردستان.

ئاشکرابوونی پەیوەندی لەگەڵ بێگانەو لەگەڵ داگیرکەراندا باسێکی سەرنجراکێشە کە تەنها تایبەت بەکوردستان و ئەم سەردەمەش نیە. لەسەردەمی شەرەگەورەکان وەک شەری یەکەم و دووهەمی جیهانیدا لەو وڵاتانەی ئەڵمانیەکان داگیریانکردبوو، دیاردەی هاریکاری لەگەڵ داگیرکەران بەشێوەیەکی بەربڵاو کەوتەبەر باسو لێکۆڵینە. بۆ نموونە وڵاتی نوروێژ (نەرویج) کە ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن ئاڵمانی هیتلەریەوە داگیرکرا و هەتا کۆتایی شەر لەژێر دەسەڵاتی ئەڵمان مایەوە. وڵاتی نوروێژ بۆ هیتلەر تایبەتمەندیەکی بێوێنەی هەبوو: خەڵکی ئەم وڵاتە «ئارییایی تۆخ» بوون! ژمارەیەکی بەرچاوی نوروێژییەکان لەنزیکەوە هاریکاری داگیرکەرانی ئەڵمانی کرد. پاش شەڕ نزیکەی ٤٦هەزار کەس بەتاوانی خەیانەت مەحکوومکران کە ١٨هەزاریان زیندانیکران و ٤٥ کەس حوکمی ئیعدامیان بۆدەرچوو کە حوکمەکە لەسەر ٣٧ کەسیان بەڕێوەچوو. لە نوروێژ و لەباقی ئەو وڵاتانەی تووشی ئەم دیاردەیە بوون، بەهەڵسوورانی کەسانی پسپۆر، ناحیزبیو بێلایەن، گومانلێکراوان دەستنیشانکران، تاوانەکانیان ئاشکرا کران، رادەی هاوکاریکردنیان دیاریکرا، بەپێی یاسای وڵات حوکمدران و هەموو لایەنەکانی چالاکی و کاردانەوەی هاوکاری ئەوانە لەگەڵ دوژمن خرایە بەردەم بیروڕای گشتی وڵاتەکە. لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕان و دەزگاکانی پەیوەندیدار زۆریان بەلاوە گرینگبوو کە مەحکەمەکردنی ئەوانەی هێنرابوونە دادگا بەشێوەیەک بێت کە سنووری هاوکاری و خیانەتەکان دیاریبکرێت و لەهەمانکاتیشدا بەشێوەیەکی یاسایی و دادپەروەرانە کاری دادگاکە بچێتەپێش.

وەرگرتنی زانیاری و ئاگاداربوون مافێکی بێئەملاوئەولای خەڵکی کوردستانە و بە هیچ بیانوویەک نابێ ئەم مافە پێشێلبکرێت. خەڵک دەبێ بزانن کێن ئەوانەی کە لەکاتی کیمیاباران و ئەنفال و کۆڕەو و ئیعدام و ئەشکەنجەو کاولکردنی گوندەکانی کوردستاندا کەینوبەینیان لەگەڵ جەللادا بووەو هەموو بەها مرۆڤییەکانیان پێشێلکردووە.

هەتا ئێستا لەلایەن دەسەڵاتداران و ئەوانەی بەڵگە نهێنییەکانیان لە بەردەستدایە هیچ زانیارییەک بڵاونەکراوەتەوە. تاوانی هاوکاری لەگەڵ بەعس هەرتەنها پرسێک نیە لە چوارچێوەی پدک و ینکدا بهێڵدرێتەوە. گومانیش لەوەدا نیە کە ئەم دیاردەیە تەنها ئەم دوو حیزبە ناگرێتەوە و حیزبو رێکخراوی دیکەش هەن کە تێوەگلاون. ئەی ئەوانەی وا لەدەرەوەی حیزبەکانەوە هاوکارییان کردووە؟

ئەم تاوانانە تاوانی ئەندامانی حیزبێک نین کە لە ڕێبازی حیزبەکەیان لایاندابێت و حیزبەکە ئیجرائاتیان لەسەر بکات بەڵکوو ئەمە پرسێکە هەموو گەلی کورد دەگرێتەوە. هەربۆیە دەبێ لەلێکۆڵینەوەو باسکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی خاوەن فایلەکاندا بەرژەوەندی هەموو کوردستان ڕەچاو بکرێت.

پرسیار زۆرن کە پێویستیان بە وەڵامە؛ ئەبێت دیاریبکەین ڕادەی تێوەگلانی ئەم یان ئەو حیزبو ڕێکخراو چەندە؟ لایەنە سیاسیو یاساییەکان لەکوێدا لێکگرێدەدرێن و یان لێکدوورئەکەونەوە؟ کام دەزگا بۆیهەیە بەڕێوەبردنی مەحکەمە بەدەستەوە بگرێت؟ بەپێی کام یاسا؟ ئایا جگە لە یاساکانی ڕژێمی رووخاوی بەعس یاسایەکی دیکە هەیە کە پشتی پێوە ببەسترێت؟ دەکرێت لە یاسای نێونەتەوەیی و دادگا نێونەتەوەییەکان لەم بوارەدا یارمەتی باش وەربگیرێت. بەپشتبەستن بەو یاسایانە کامەیە تاوانەکانیان؟ خەیانەت بەنیشتمان؟ خەیانەتی گەورە؟ زەرەرمەندکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریبەخشی کوردستان؟ لادان لە سەرەتاکانی مافی مروڤ؟ ئەمانەو کۆمەڵێک پرسیاری یاسایی لەم بابەتە هەن کە پێویستیان بە وەڵامی پسپۆڕانەیە.

بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر خاوەنفایلەکان بتوانێت ئەنجامێکی باشی لێدەرکەوێت پێویستە:

١- هەموو بەڵگە و زانیاریەکان لەسەر خاوەن فایلەکان لەیەک شوێن کۆبکرێتەوە.

٢- تاوانباران بەبەڵگەوە دەستنیشانبکرێن؛ کامانەن؟ بەرپرسایەتیەکانیان لەناو حیزبدا و هەروەها ئاستی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دامو دەزگای ڕژیمدا چۆن بووە؟

٣- تاوانەکانیان ئاشکرابکرێن؛ چییان کردووە؟ کامانەن ئەو بوارانەی ئەوانە تێیدا هەڵسوورانیان بووەو تاچرادەیەک دەستیان ڕاگەیشتووە بە زانیاری لە بەرەی گەلدا؟ ئاست و مەودای کاردانەوەی تاوانەکانیان کامانەن؟

٣- مەودای ئەو زیانانەی بە کۆمەڵگا و بزووتنەوەکە گەیشتوون ؛ ئایا ئەنجامی هاوکاری ئەوانە لەگەڵ دوژمن تاچرادەیەک زیانی گیانی هەبووە؟

۴- مەودای کاردانەوەکان لەباری ڕێکخراوەیی، سیاسی و ئابوورییەوە چەندە؟

۵- لەبیرمان نەچێت کە هەتا مسۆگەر نەبووبێت کەسێک تاوانبارە ناتوانین پێی بڵێین سیخوڕ و یان شتی لەو چەشنە. لەهەموو یاسایەکی دیموکراتیکدا، لەهەر کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا وادائەنرێت کە هەمووکەسێک بێتاوانە هەتا ئەوکاتەی پێچەوانەکەی ئەسەلمێندرێت. لەسوێد وەزیری دەرەوە خانمی ئاننا لیند بەشێوەیەکی زور درندانە کوژراو ئەمەش ڕقوتووڕەییەکی بێوێنەی لەناو خەڵکی سوێددا دروستکرد. کابرایەکی ۲۴سالان بەتاوانی کوشتنەکە گیراوە. سەرەڕای ئەو هەموو ڕقوبێزارییەی خەڵک و ئەوراستییەی کە هەموو دەرکەوتەکانی لێپێچینەوەو لێکۆڵینەوەی تاوانەکە ئاماژە بە تاوانباربوونی ئەو کەسە دەکەن، هێشتاش هەتا تاوانەکە لەئەنجامی دادگاییکردندا بە تەواوی لەسەری نەسەلمێندراوە، ئەوکابرایە بە «گومانلێکراو» ناودەبەن. تەنانەت کێشەیەکی یاسایی دروست بووە لەسەر ئەوەی کە بۆچی خەستەخانەیەکی

شاری ستوكهۆلم بەبێ وەرگرتنی ئیجازەی تایبەتی و یاسایی دادگا نموونەی خوێنی ئەو کابرایەیان داوە بە لێکۆڵەرانی پۆلیس.

دڕندەیی بەعسو تاوانەکانی رژیمی سەددام وایانکردووە کە خەڵکی کوردستان کینەیەکی زۆریان لەوکەسانەیە کە یاریدەدەری ئەو دوژمنەگەورەیەبوون. لەهەمانکاتدا ئازادیخوازان و لایەنگرانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ناتوانن چاوپۆشی لەوەبکەن کە بۆ دەرخستنی هەرتاوانبار و گومانلێکراوێک بەڵگەو لێکۆڵینەوە پێویستە.

هەتا درەنگتر هەموو لایەنەکانی خاوەنفایلەکان ئاشکرا بکرێت زیاتر مەودا ئەدرێت بە لێڵکردنی هەلومەرجی دەوروبەری ئەم فایلانە. ئەمەش لەلایەکەوە وادەکات کە ئەوانەی هێشتا ئاشکرا نەکراون هەموو کارێک بکەن بۆ نەهێشتنی بەڵگەو بۆ خۆدەربازکردن، لەلایەکی دیکەشەوە رێگا ئاواڵەدەبێت بۆ ئەوەی هەرکەسێک نەیارییەکی کۆنی هەیە بکوتێتەسەر فلانو فیسار و لەناو خەڵکدا شکوگومان پێک بێنێت. لەوانەشە لەم ئاوەلێڵەدا زۆر تاوانباری گەورە خۆیان دەربازبکەن. دیاردەی خاوەنفایلەکان کارەساتێکە لە ئاستی هەموو کوردستان و هەرچەشنە گۆڕانی باسەکە بە کێشەی نێوان ی‌نک و پدک و کەوتنە ناوبازنەی ململانێی ئێستاو رابردووی ئەم دوو زلهێزەی کوردستان لە ئامانج واتە ئاشکراکردنی هاوکارانی دوژمنانی گەلی کورد دوورمان دەخاتەوە. پێویستە یەکدەنگ داواکاری دادگایی کردنی ئەو کەسانەبین لە دادگایەکی کراوەدا. مەبەست نابێت تۆڵە ئەستاندنەوە بێت؛ نموونەی ئەفریقای باشوور و ئەوەی نێلسۆن ماندێلا کردی ئەزموونێکی زۆر درەوشاوەیە. واتە دەرخستنی راستیەکان و پێکهێنانی کەشوهەوایەک کە تاوانباران خۆیان لەبەردەم بیروڕای گشتیداو لە پێش چاوی قوربانییەکانی تاوانەکەو ئەوانەی زەرەرمەندبوون دانبنێن بەسەر تاوانەکانیاندا. ئەبێت پشوودرێژبین و چاوەروانو خوازیاری ئەوەبین کە تیشک بخرێتە سەر هەموو لایەنێکی ئەم دیاردە نگریسە و هەموو بەڵگەکان ئاشکرابکرێن.

بەڵام پێویستە لێرەدا ئەوەشی لێ زیادبکرێت کە دیاردەی خاوەنفایلەکان وەنەبێت هەر پەیوەندی بە رژێمی بەعسەوە هەبێت. ئەی ئەو وڵاتانەی ناوچە کە چاویان بەرایی نادات پێشکەوتنو سەرفرازی گەلی کورد ببینن و چی لەتوانایان بێت دەیکەن بۆ ئەوەی کوردستان هیچ داهاتوویەکی روونی نەبێت؟ ئایا دەبێ چاوەروانی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری تورکیا بین هەتا بۆمان دەرکەوێت بزانین کێ هاریکاری ئەم رژیمانەیان کردووە لە دژی بەرژەوەندی گەلی کورد؟ هەڵسووران بۆ بەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستان ولەدژی چارەنووسی گەلی کورد تاوانەو وا دابەشناکرێت کە بۆ رژیمێک زۆرخراپەو بۆ رژیمێکی دیکە کەم خراپە!

کۆماری ئیسلامی ئێران بەبێ دەستوپەیوەند چۆن دەیتوانی ئەو هەموو تێرۆرە لە باشووری کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتیش بکات.

بەداخەوە دوای رووخانی رژیمی پاشایەتی لە ئێران لەبەر ئەوەی دەسەڵاتداران دەستبەجێ

دەستیان گرت بەسەر هەموو بەڵگەو فایلەکاندا ئێستاش پاش نزیکەی ٢٥ ساڵ هێشتا بەشێکی زۆری راستییەکانی رژیمی پاشایەتی هەروا بە نهێنی ماوەتەوە.

دیارە تورکیاش بەتایبەت لەماوەی ١٣ساڵی رابردوودا چی لەدەستی هاتبێت بۆ تێکدانی باری ئاسایی کوردستان و بۆ کردنەوەی هەرچەشنە دامو دەزگایەکی سیخوری کردوویەتی. هەروەها گومان لەوەدا نیە کە هەموو ئەو وڵاتانەی بەرژەوەندییان لە ناوچەکەدا هەیە هەوڵیان داوە و هەوڵیشئەدەن پێگەیەک بۆخۆیان لە کوردستان پەیدا بکەن با دراوسێی کوردستانیش نەبن. دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان کەوتووەتە سەر بواری تاقیکردنەوەیەکی گرینگ. سەدان و بگرە هەزاران پرسیار لەسەر ئەم بابەتە لەناو خەڵکدا دروستبووە بەڵام میدیای رەسمی و دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبەکان بەتەواوی بێدەنگن.

لە کۆمەڵگای مەدەنی و ئەزموونی دیموکراسیدا بەرپرسان دێنەپێشەوە و ئاگاداری بەخەڵک ئەدەن و لەبەردەم دەزگاکانی راگەیاندندا وەڵامی پرسیاری هەواڵنێران ئەدەنەوە. کەچی لەسەر ئەم بابەتەش هەروەکوو زۆرشتی دیکە خەڵک هەر لەناو مێدیای دەرەوەی دەسەڵاتو دەرەوەی وڵات و خۆشبەختانە ئێستا لەسەر سایتە کوردیەکانی ئینترنێتدا هەواڵیان دەستدەکەوێت. ئەبێ درگای پرسیارو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون سەبارەت بەخاوەن فایلەکان بۆ میدیای کوردی و دادپەروەرانی بێلایەن ئاواڵەبێت. ئەبێت خەڵک بەتەواوی ئاگارداری هەموو راستیەکان بن.

٣٠/١٠/٢٠٠٣